پێت وابوو مامەڵەم لەگەڵتدا کرد بۆئەوەی وشترەکەت ببەم؟ وشتر ودرهەمەکانت ببە، هەمووی بۆ تۆیە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: سەفەری دەکرد لەسەر پشتی وشترێک بەڵام وشترەکە ماندوو بوو، ویستی بەرەڵای بکات. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێم گەیشت ونزای بۆم کرد، وبە لێدانێک لە وشترەکەی دا، بۆیە بەشێوەیەک ڕێی دەکرد کە هەرگیز وا نەبوو (لە چاکیدا)، پاشان فەرمووی: «بە یەک ئوقیە پێم بفرۆشە»، ووتم: نەخێر، فەرمووی: «پێم بفرۆشە»، بۆیە منیش بە یەک ئوقیە فرۆشتم، بەڵام مەرجەکەم ئەوە بوو کە دەبێت ڕێگام پێبدرێت کە سواری ببم هەتاوەکو دەگەمەوە لای خێزانەکەم. کاتێک گەیشتمەوە ماڵ؛ وشترەکەم هێنا، نرخەکەی پێدام وپاشان گەڕامەوە. کەسێکی نارد بە شوێنمدا، وفەرمووی: «پێت وابوو مامەڵەم لەگەڵتدا کرد (بۆ کەمکردنەوەی نرخەکە) بۆئەوەی وشترەکەت ببەم؟ وشتر ودرهەمەکانت ببە، هەمووی بۆ تۆیە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

جابری کوڕی عبداللە -ڕەزای خوایان لێبێت- لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو لە یەکێک لە غەزاکانیدا، وسواری وشترێک بوو کە زۆر ماندوو بوو وچیتر نەیتوانی ڕێبکات لەگەڵ سوپاکەدا بۆیە جابر ویستی بەرەڵای بکات؛ چونکە هیچ سوودێکی نییە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو ڕەحمەتێک بەرامبەر هاوەڵانی لە پاشەوەی سوپاکە ڕێی دەکرد بۆئەوەی یارمەتی لاوازەکان وخاوەن پێویستیەکان بدات، بۆیە گەیشتە لای جابر ئەویش لەسەر پشتی وشترە ماندووەکەی بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای بۆی کرد ولێدانێکی سووکی لە وشترەکە دا، ئەم لێدانە میهرەبانەی بووە هۆی ئەوەی ڕۆیشتنێک ڕێبکات کە هەرگیز وا ڕێی نەکردووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە میهرەبانی ڕەوشتی ویستی دڵنەوایی ببەخشێت بە جابر بۆیە قسەی لەگەڵدا کرد بۆئەوەی بە ئاسانی سەفەرەکە بەڕێبکات، فەرمووی: وشترەکەم پێ بفرۆشە بە یەک ئوقیە، جابر -ڕەزای خوای لێبێت- بەهۆی ئەوەی حاڵی وشترەکەی گۆڕا نەیویست پێی بفرۆشێت چونکە ئەم فەرمانکردە ناچێتە بواری فەرمانی واجبەوە بەڵکو مامەڵەیەکی بازرگانییە ونەفرۆشتنی هیچ شتێک لە دینداریەکەی ولە گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەم ناکاتەوە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیسانەوە داوای لێبکرد وجابریش پێی فرۆشت بەڵام مەرجەکەی ئەوە بوو هەتاوەکو دەگاتە لای خێزانەکەی لە مەدینە سواری ببێت وپاشان بیهێنێتەوە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وئەویش -صلى الله عليه وسلم- ڕازی بوو لەسەر ئەم مەرجە، وکاتێک گەڕانەوە بۆ مەدینە وشترەکەی گەڕانەوە وپێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- نرخەکەی پێیدا، وکاتێک نرخەکەی دا وگەڕایەوە ماڵەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی بە شوێنیدا نارد؛ وبە جابری فەرموو: گومانت وابوو مامەڵەم لەگەڵتدا کرد (بۆ کەمکردنەوەی نرخەکە) بۆئەوەی وشترەکەت ببەم؟ وشترەکەت ودرهەمەکانت ببە؛ هەمووی بۆ تۆیە، ئەمیش سەیر نییە لە ڕەوشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وبەخشندەیی ونەرم ونیان بوونی، چەندەها ڕووداوی مەزنی هاوشێوەی ئەمە هەبووە لە ژیانیدا -صلى الله عليه وسلم-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6038